پەیڕەوی ناوخۆی

# کۆمەڵەی

# کۆماری کوردستان

پەسندکراوی کۆبوونەوەی دامەزراندن ۲۰۱٦

## بەشی یەکەم

## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی ۱: ناو**

- کۆمەڵەی کۆماری کوردستان
- کورتکراوەی ناوی ڕێکخراو: کۆمەڵە
- ئاڵا و دروشم: دروشم ئەستێرەیەکی پێنجلای پورتەقاڵییە کە ناوی کۆمەڵە بە کوردی و بە ئینگلیزی تێدا نووسراوە.

**ماددەی ۲: ئامانجی کۆمەڵە**

دامەزراندنی کۆماری دیموکراسی و نیشتیمانی ئازاد و کۆمەڵێکی یەکسان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق لە سەر بنەمای کۆنفیدرالی دیموکراسی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان گەلان و میللەتانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لاوازکردنی سنوورەکان لە پێناو بەرجەستەکردنی ناوچەیەکی ئارام و پێکەوەژیان و ژینگەپارێز.

پشتگیری بزووتنەوەی دیموکراسی ئازادیخواز لە پارچەکانی تری کوردستان دەکات کە ببێتە بناغەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە.

کۆمەڵە لە پێناو دادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی تێدەکۆشێ و ئەرکی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ و نەهێشتنی نایەکسانی و بێدادی بە ئەرکی خۆی و هەموو ئەو کەسانە دەزانێ کە ئەم واقیعە ڕەت دەکەنەوە و تێدەکۆشن لە پێناو ئامانجەکانی کۆمەڵە و سەرجەم بەها مرۆڤایەتییەکان کە بە درێژایی مێژوو بەرهەم هێنراوە وەک ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و حوکمی گەل بۆ گەل.

**ماددەی ٣: ناوەڕۆکی کۆمەڵە**

١. داڕشتنی سیستەمێکی سیاسی کە دیموکراسی لە بنکەوە بۆ سەرەوە ڕێک بخات و زامنی مافە نەتەوەیی و مافی پێکهاتەکان بێت و جیاوازییە جوگرافی و ناوچەیی و رۆشنبیرییەکان ڕەچاو بکات.
٢. هەموو دەسەڵاتەکان لە گەلەوە سەرچاوە دەگرێ.
٣. ئامانج لە سەروەری یاسا و دەوڵەت و حکومەت ، لە سەرەتا و کۆتاییدا ڕێزگرتن و پاراستنی سەروەری مرۆڤە و مافەکانیەتی.
٤. ڕەخساندنی بواری یەکسان بۆ هەموو کەسێکی کۆمەڵ بە بێ جیاوازی.
٥. بەرقەرارکردنی داد و دادپەروەری لە سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵ.

## بەشی دووەم

## ئەندامێتی

**ماددەی ٤: مەرجەکانی ئەندامێتی**

١. هەر کەسێک کە تەمەنی ١٨ ساڵ تەواو کردبێت و دانیشتوو یان هاووڵاتی کوردستان بێت.
٢. پەیڕەو و بەرنامەی کۆمەڵە قەبوڵ بکا.
٣. داواکاری نووسراو پێشکەش بکا.
٤. ئابوونەی مانگانە بدات.
٥. نابێت ئەندام بێت لە حزبێکی سیاسی تر لە کوردستان ، لە دەرەوەی کوردستان نابێت ئەندامی ڕێکخراوی ڕاسیستی و مەزهەبی و هاوشێوەکانیان بێت.
٦. لە کاتی پەیوەستبوونی بە هەر دەزگایەکی بیانی یان دەزگایەکی ئەمنی دەبێت کۆمەڵە ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی ٥: پێدانی مافی ئەندامێتی و لێسەندنەوەی**

١. ماوەی پاڵاوتن ٣٠ رۆژ بێت.
٢. مافی ئەندامێتی ئۆرگانی سەرووتر بڕیاری لە سەر دەدات.

٣. لە کاتی سەرپێچیکردن و لادان لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە ، **لیژنەی پشکنین و چاودێری ناوەندی** بەرپرسە لە بەدواداچوون و یەکلاکردنەوەی سەرپێچییەکە ، کاتێک ئەندام تانەی هەبوو بەرامبەر بڕیارەکە ، ئەندام بۆی هەیە لە **لیژنەی پشکنین و چاودێری ناوەندی** داوای دووبارە لێکۆڵینەوە بکات و بڕیارەکە ئەمجارە یەکلاکەرەوە دەبێت.

**ماددەی ٦: مافی ئەندام:**

١. هەموو ئەندامێک مافی یەکسانی لە خۆپاڵاوتن و دەنگدانی هەیە لەو ئۆرگانەی کاری تێدا دەکات و بە پێی ڕێنماییەکانی کۆمەڵە.
٢. بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی کۆمەڵە دەکا و چاودێری جێبەجێکردنی دەکات.
٣. ڕەخنە لە هاوڕێ و ئۆرگانەکان و سیاسەتی کۆمەڵە دەگرێت و ڕەخنە قەبوڵ دەکا.
٤. گرنگیدان بە ئاستی ڕۆشنبیری و فیکری و هاندانی بۆ پەرەپێدان بە تواناکانی لەو بوارانە و بەشداریکردنی لە خولە تایبەتیەکانی ڕاهێنان.
٥. پەرەپێدانی توانای سیاسی و ڕێکخراوەیی.
٦. لە کاتی سزادان و رەخنەلێگرتن مافی بەرگریکردنی لە خۆی هەیە.
٧. وەرگرتنی زانیاری لە سەر هەر بابەتێک لە ئۆرگانەکانی تر بە پێی ڕێنماییەکانی کۆمەڵە.
٨. بە نووسراو ئەندامی کۆمەڵە دەبێت دەست لە کارکێشانەوەی بە کۆمەڵە ڕابگەیەنێ.
٩. وەرگرتنی ئەرک و پۆستەکان بە پێی ڕێنمایی ڕێکخراوەیی و پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت.
١٠. راپۆرتی تایبەتی خۆی بۆ ئۆرگانەکەی کاری تێدا دەکا و بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەرزبکاتەوە.

**ماددەی ٧: ئەرکەکانی ئەندام**

١. بەشداری بکات لە کۆبوونەوەکانی دەستەکەی بە پێی توانا و کات.
٢. لە کاتی پەیوەست نەبوونی بە کۆبوونەوەکان بۆ ماوەی شەش مانگ مافی خۆپاڵاوتن لە دەست دەدا لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی حزبی.
٣. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بە شەخسی و بە ئۆرگان.
٤. ئاگاداربوونەوە لە سیاسەتی کۆمەڵە و پەیوەندی بەردەوام.
٥. گرنگیدان بە ئاستی فیکری و ڕۆشنبیری.
٦. بەشداریکردن لە چالاکیە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە.
٧. بەشداریکردنی چالاکانە لەگفتوگۆ دەربارەی سیاسەتی کۆمەڵە و سیاسەتی گشتی و بەشداریکردنی چالاکانە لەداڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵە.

٨. کار بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری دیموکراسی و گیانی دادپەروەری بکات کە لەخزمەتی کۆی مرۆڤایەتی بێت و ڕێز لە ڕای بەرامبەرەکەی بگرێت.

**ماددەی ٨: سیفەتەکانی ئەندام**

١. خۆشەویستی گەل و نیشتیمانەکەی لە خۆشەویستی مرۆڤایەتی سەرچاوە بگرێ و نیشتیمان و گەل و هاوڕێیانی خۆش بوێ و بیانپارێزێ.
٢. باوەڕی بە دیموکراسی ڕیشەیی و کاری بە کۆمەڵ هەبێت.
٣. باوەڕی پتەوی بە یەکسانی ژن و پیاو وئازادی بیروڕا و تاکەکەس هەبێت.
٤. بە بەرنامە و پلان پەرە بە تواناکانی خۆی بدات.
٥. دڵسۆز و خۆڕاگر و خاوەن بڕیاری خۆی بێت.
٦. خۆپەرست و لە خۆبایی نەبێت.
٧. ژینگەپارێز بێت لە وڵاتەکی و جیهان.

## بەشی سێیەم

## ڕێکخستن و دەزگاکانی کۆمەڵە

**ماددەی ٩: پرانسیپەکانی ڕێکخستن:**

١. ئەندام سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە لە کۆمەڵە ، بناغە و پێکهاتەی هەیکەلی کۆمەڵە و دەسەڵاتی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەندام.
٢. سەرکردایەتی و ئۆرگانەکان ڕاسپاردنێکی کاتی ئەندامانە بە گشتی بۆ هەندێ ئەندام بە تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵە.
٣. سەرکردە و کادیرەکان بەرپرسن لە بەرامبەر ئەندام و لایەنگران.
٤. لیژنەی پشکنین و چاودێری ناوەندی بەرپرسە لە پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە و یەکلاکردنەوەی لادان و سەرپێچی ئەندامان و ئۆرگانەکان و بەرپرسی ئۆرگانەکان.
٥. بەرپرسیارێتی لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵە بە هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنی و لە چەند خولێک زیاتر نابێت.
٦. هەڵبژاردن ئامرازی سەرەکی دەبێت لە دانان و دارشتنی ئۆرگانەکانی سەرەوەی خۆی ( دیموکراسی لە بنکەوە بۆ سەرەوە ).
٧. لێبووردەیی لە گەڵ ڕاوبۆچوونی جیاواز بە مەرجی ئیلتیزامکردن بە ڕێنمایی و ڕێساکانی دانراو کە لە خزمەتی سیاسەتی کۆمەڵە دا بێت.

# هەیکەلی ڕێکخستن

**ماددەی ١٠: هەیکەلی ڕێکخستن** بەم شێوەیە دادەڕێشترێ:

کەرت ، ناوچە ، هەرێم ، پارێزگا ، سەرکردایەتی ، کۆنگرە.

**ماددەی ١١: کەرت**

بچوکترین یەکەی کاری رێکخراوەییە و سەنگەری یەکەمی خەباتی ئەندامانە.

**بەرپرسی کەرت** ساڵانە هەڵدبژێردرێت و بەرپرسی یەکەمی کەرتە و نوێنەری کەرت دەبێت لە ناوچە و ڕاستەوخۆ دەبێت بە ئەندام ناوچە.

**ماددەی ١٢: ناوچە**

لە ناحیە و گەڕەکە گەورەکانی شار سەرپەرشتی کاری کەرتەکانی ئەم ناوچەیە دەکات.

**کۆنفرانسی ناوچە** ساڵانە ئەنجام دەدرێت ، نوێنەر هەڵدەبژێرێ بە پێی ڕینماییەکان بۆ کۆنفرانسی هەرێم.

**ئەنجوومەنی ناوچە** لە بەرپرسی کەرتەکان پێک دێت.

**بەرپرسی ناوچە** ساڵانە هەڵدبژێردرێ.

**بەرپرسی بەشەکان وەک ئەندامی ئەنجوومەنی ناوچە لە کۆنفرانسی ناوچە هەڵدەبژێردرێن.**

**ماددەی ١٣: هەرێم**

لە سەر ئاستی قەزایەک سەرپەرشتی کارەکانی چەند ناوچەیەک دەکا کە لە ڕووی جوگرافی یان رۆشنبیریی لەیەک نزیکن.

**کۆنفرانسی هەرێم** ساڵانە ئەنجام دەدرێت ، ئەنجوومەنی هەرێم هەڵدەبژێرێ. لە هەمان کاتدا یان لە کاتی پێویست کۆنفرانسی هەرێم ئەندامانی گۆنگرە هەڵدەبژێرێ.

**ئەنجوومەنی هەرێم** لە بەرپرسی ناوچەکان و بەرپرس وجێگری هەرێم و بەرپرسی بەشەکان پێک دێت.

**بەرپرس وجێگری هەرێم** ساڵانە لە کۆنفرانسی هەرێم هەڵدبژێردرێن.

**بەرپرسی بەشەکان** وەک ئەندامی ئەنجوومەنی هەرێم لە کۆنفرانسی هەرێم هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی ١٤: پارێزگا**

سەرپەرشتی کاری هەرێمەکانی یەک پارێزگا دەکا.

**ئەنجوومەنی پارێزگا** لە بەرپرس و جێگری هەرێمەکان ( کە لە کۆنفرانسی هەرێمەکان هەڵدەبژێردراون ) پێک دێت ، ئەندامێکی سەرکردایەتی بەڕێوەی دەبات.

**بەرپرسی بەشەکان لە جێگری بەرپرسی هەرێمەکان دەستنیشان دەکرێن.**

**ماددەی ١٥: ئەنجوومەنی سەرکردایەتی**

١. بەرپرسە لە داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵە لە نێوان دوو کۆنگرەدا.
٢. جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە.
٣. بەڕێوەبردنی دەزگاکانی کۆمەڵە و چاودێریکردنیان و بەدواداچوونیان.
٤. راپۆرتی خۆی لە هەموو بوارەکان بۆ کۆنگرە ئامادە دەکات و پێشکەش دەکا.
٥. سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات.
٦. لە کاتی پێویست و لە سەر داوای سەرۆکایەتی یان دوو لە سەر سێی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆبوونەوەی نائاسایی دەکات.
٧. شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەبەسترێت بە ئامادەبوونی ئەندامانی نووسینگەکان و بەرپرسی هەرێمەکان.
٨. بەرپرسە لە سیاسەتی دارایی کۆمەڵە.
٩. سیاسەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە دادەنێت و بەڕێوەی دەبات.
١٠. بە زۆرینەی ڕەها بڕیارەکان دەردەکا.
١١. سەرۆکایەتی و سەرۆک هەڵدەبژێرێ.

**پاشکۆی ماددەی ١٥ ( کاتی ):**

١. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەسەڵاتی کۆنگرەی دەبێت تاکو بەستنی کۆنگرە.
٢. دەستەی دامەزرێنەر تاکو کۆنگرە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆمەڵەن.

**ماددەی ١٦: سەرۆکایەتی**

١. پێنج ئەندام دەبن ( چوار جێگر و سەرۆک ).
٢. لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن.
٣. بەرپرسن لە جێبەجێکردنی کارەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵە.

٤. به زۆرینەی ڕەها بڕیارەکان دەردەکا.

**ماددەی ١٧: سەرۆک**

١. لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێ.
٢. بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵەیە ، نوێنەرایەتی کۆمەڵە دەکات.
٣. لە کاتی هاتنە دەسەڵات سەرۆکایەتی دەستەی کاری حکومی دەکات.
٤. سەرۆک ماوەی سەرۆکایەتی دیاریکراوە لە (٢) دووکۆنگرە زیاتر نابێت ، بە مەرجێک لە (٦) شەش ساڵ زیاتر نەبێت.

**ماددەی ١٨: کۆنگرە**

١. کۆنگرە سێ ساڵ جارێک دەبەسترێت.
٢. بەرزترین دەسەڵاتی کۆمەڵەیە.
٣. بە پێی ئەو ڕێژەیەی کە سەرکردایەتی دایدەنێ لە هەرێمەکان ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.
٤. لە کۆنگرە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێدرێ.

**ماددەی ١٩:-لیژنەی پشکنین و چاودێری ناوەندی**

١. لە پێنج ئەندام ( سکرتێری لیژنە و چوار ئەندام ) پێکدێت.
٢. لە کۆنگرەی کۆمەڵە هەڵدەبژێردرێ و راپۆرتی تایبەتی خۆی پێشکەش دەکات.
٣. لە یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەکە سکرتێر هەڵدەبژێرن.
٤. سکرتێری لیژنە لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی و سەرکردایەتی ئامادە دەبێت ( لە کاتی ئامادەنەبوونی سکرتێر ، یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە ئامادەی کۆبوونەوەکان دەبێت ).
٥. ساڵانە دووجار ڕاپۆرتی کارەکانی خۆی دەداتە سەرکردایەتی کۆمەڵە.
٦. بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە لە لادان و سەرپێچیکردنی ئەندامان و سەرجەم ئۆرگانەکانی کۆمەڵە لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و یەکلاکردنەوە و بڕیاردان و دیاریکردنی سزا.
٧. بە دواداچوونی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و سەرکردایەتی دەکات.
٨. ئەندامان ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگای ئۆرگانەکانیان دەتوانن پەیوەندی بە لیژنە بکەن.
٩. لە کاتی نارەزایی ئەندام یان ئۆرگان بە بڕیارەکەی لیژنەی چاودێری ناوەندی ، مافی تانەلێدانی هەیە لە بڕیارەکە و بڕیاری ئەمجارە کۆتایی دەبێت.
١٠. پەیڕەوی ناوخۆی تایبەتیان دەبێت.

**ماددەی ٢٠: نووسینگەکان:**

١. نووسینگەکان بەرپرسن لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و ڕێنماییەکانی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی کۆمەڵە.
٢. لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ، لە ئەندامانی سەرکردایەتی بەرپرسی نووسینگەکان دیاریدەکرێن.
٣. نووسینگەکان پێک دێن لە: نووسینگەی پەیوەندییەکان ، نووسینگەی ڕاگەیاندن ، نووسینگەی ڕێکخستن ، نووسینگەی دارایی و بەڕێوەبردن.

## بەشی چوارەم

## ئەرک و مافی ئۆڕگانەکان

**ماددەی ٢١: ئەرک و مافەکانی کەرت**

ئەرکەکانی کەرت:

١. ناساندنی بەرنامە و سیاسەتی کۆمەڵە لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی کە کەرت لێی بەرپرسە.
٢. بە ئەنجامگەیاندن و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێ کە لە ئۆرگانەکانی سەرووتر و پەیڕەوی ناوخۆ و کۆنفرانسی کەرت پێی ڕاسپێردراوە.
٣. کۆبوونەوەکانی مانگانە ئەنجام دەدرێت ، لە کاتی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی بکرێت لەسەر داواکاری ئۆرگانی سەرووتر ، یان بەرپرسی کەرت ، یان زۆرینەی ئەندامانی کەرت.
٤. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لە سەر ئەو بابەتانەی کە لە سنووری کەرت بە گرنگ دەزانرێ یان ئەو بابەتانەی کە لە ئۆرگانەکانی سەرووتر پێی ڕادەسپێردرێ.
٥. بەرزکردنەوەی پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەکان بۆ سەرووی خۆی.

مافەکان:

١. گرنگیدان بە لایەنی رۆشنبیری و هۆشیاری ئەندامان.
٢. گرنگیدان بە داخوازی و پێشنیارەکانی ئەندامانی کەرت لە لایەن ئۆرگانەکانی سەرووتر.
٣. نوێنەرەکانیان بە پێی ڕێنماییەکانی نووسینگەی ڕێکخستن بەشداری لە کۆنفرانسی ناوچە دەکەن.

**ماددەی ٢٢: ئەرک و مافەکانی ناوچە**

ئەرکەکانی ناوچە:

١. بەرپرسە لە سەرپەرشتیکردنی کەرتەکانی سنووری خۆی.
٢. ناساندنی بەرنامە و سیاسەتی کۆمەڵە لە چوارچێوەی سنووری ناوچە.

٣. به ئەنجامگەیاندن و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێ کە لە ئۆرگانەکانی سەرووتر و پەیڕەوی ناوخۆ و کۆنفرانسی ناوچە پێی ڕاسپێردراوە.
٤. کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ناوچە مانگانە ئەنجام دەدرێت ، لە کاتی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی بکرێت لەسەر داواکاری ئۆرگانی سەرووتر ، یان بەرپرسی ناوچە ، یان زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوچە.
٥. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لە سەر ئەو بابەتانەی کە لە سنووری ناوچە بە گرنگ دەزانرێ یان ئەو بابەتانەی کە لە ئۆرگانەکانی سەرووتر پێی ڕادەسپێردرێ.
٦. بە دواداچوونی کێشە و کەموکوڕییەکانی هاوولاتیان و ڕێکخستنەکان.
٧. کردنەوەی خولی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئەندامان.

مافەکان:

١. پێدانی ئەندامێتی کە لە کەرتەکانەوە بەرزدەکرێنەوە.
٢. دیراسەتکردن و وەڵامدانەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە کەرتەکانەوە بۆیان دێت.
٣. دیراسەتکردنی پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەی کەرتەکان و بەرزکردنەوەی پوختەکەی بۆ سەرووی خۆی.
٤. بەستنی کۆنفرانس ، بە پێی ڕێنماییەکان.
٥. گرنگیدان بە داخوازی و پێشنیارەکانی ئەندامانی ناوچە لە لایەن ئۆرگانەکانی سەرووتر.
٦. کۆنفرانسی ناوچە بە بەشداری ئەنجوومەنی ناوچە و ئەو نوێنەرانەی کە لە کەرتەکان هەڵدەبژێردرێن ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی ٢٣: ئەرک و مافەکانی هەرێم**

ئەرکەکان:

١. سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی ناوچەکانی سنوورەکەی خۆی.
٢. داڕشتنی بەرنامەی دەوری بە پێی بڕیارەکانی کۆنفرانسی هەرێم و سەرکردایەتی و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە.
٣. بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لە گەڵ لایەنە سیاسیەکانی تر لە سنووری خۆیدا.

مافەکان:

١. دیراسەتکردن و وەڵامدانەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ناوچەکانەوە بۆیان دێت.
٢. دیراسەتکردنی پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەی ناوچەکان و بەرزکردنەوەی پوختەکەی بۆ سەرووی خۆی.
٣. بەستنی کۆنفرانس ، بە پێی ڕێنماییەکان.
٤. گرنگیدان بە داخوازی و پێشنیارەکانی ئەندامانی هەرێم لە لایەن ئۆرگانەکانی سەرووتر.

٥. کۆنفرانسی هەرێم  بە بەشداری ئەنجوومەنی ناوچە و ئەو نوێنەرانەی کە لە ناوچەکان هەڵدەبژێردرێن ئەنجام دەدرێت.

٦. لە کۆنفرانسی هەریم نوێنەری کۆنگرە هەڵدەبژێردرێت.

٧. لە کۆنفرانسی هەرێم بەرپرس و جێگرەکەی هەڵدەبژێردرێن. ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا.

**ماددەی ٢٤: ئەرکەکانی پارێزگا**

١. ئەنجوومەنێکی تەنسیقییە لە نێوان هەرێمەکان و سەرکردایەتی.

٢. لە جێگرەکانی بەرپرسی هەرێم بەرپرسی بەشەکان هەڵدەبژێردرێن.

٣. بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگا ئەندامی سەرکردایەتیە.

٤. ئەنجومەنی پارێزگا بەرپرسە لە کاروچالاکی هەرێمەکان.

٥. ڕێکخستنی پەیوەندی لە سنوری پارێزگا.

## بەشی پێنجەم

## دارایی

**ماددەی ٢٥:**

داهاتی کۆمەڵە پێک دێت لە:

١. ئابوونەی ئەندامان:

- بێکار و بێ مووچە ١٠٠٠ دینار.
- بۆ ئەوانەی داهاتیان هەیە ڕێژەیی دەبێت ، ڕێژەکەی % ١ ی داهاتی مانگانەیانە.
- ئەوانەی لە ڕێگای کۆمەڵە پۆست وەردەگرن ئابوونە بەرێژەی % ٢٥ ی مووچەکەیان دەدەن.

٢. پیتاکی لایەنگران و ئەندامان.

٣. سەرچاوەکانی تر بە پێی ڕینما یاساییەکان.

٤. نووسینگەی دارایی بەرپرسە لە سەرجەم کارە داراییەکانی کۆمەڵە.

کۆمەڵەی کۆماری کوردستان
پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵەی کۆماری کوردستان
© ٢٠١٦ ، کوردستان - هەولێر
مافی چاپ بە هەموو زمانەکان بۆ کۆمەڵەی کۆماری کوردستان پارێزراوە
پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵەی کۆماری کوردستان
النظام الداخلي لعصبة جمهورية كوردستان
League of Kurdistan Repubilc Bylaw